# دیانا نامی ومەسەلەی ژنان لە بەریتانیا







دیانا نامی یەکێکە لەو ژنانەی تەمەنێکە لەسەر ئازادی و مەسائلی ژنان ومناڵان وسەرجەم ئینسانەکان خەبات دەکات.
دیانا، هەر لە تەمەنی لاوێتیدا بوو بەو پەیام و تێڕوانینە ئینسانییەوە دژ بە کۆنەپەرست ترین و نابەرابەری ترین ڕژێم، کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و چەندین ساڵ لە شاخ مایەوە وەک پێشمەرگەیەک و ئینسانێکی هەدەف مەند لەسەرمەسەلە بنەڕەتیەکانی ئازادی شێلگیرانە پێداگربوو تا بەهۆی هەندێ ئاڵوگۆڕی سیاسی و ڕێکخراوییەوە کەوتە ووڵاتی بەریتانیا بەڵام ئەو لێرەش درێژەی بە کاروانی کارەکانی دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی ژنان ڕێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی( ڕێکخراوی مافەکانی ژنانی کوردوئێرانی) کە تا ئێستاچەندین کارو چالاکی بەرچاوو گرنگیان ئەنجامداوە.
هەر بەو مەبەستەش من بەباشم زانی ئەم گفتووگۆیەی لەگەڵ دا ساز بکەم.

ئاسۆ/ ئەم کاتەت باش دیانا؟
دیانا/ باشتر ئاسۆ گیان
ئاسۆ/ پێم خۆشە گفتووگۆیەکت لەگەڵدا سازبکەم سەبارەت بەو کارو چالاکیانەی ڕێکخراوەکەتان ئەنجامیداوە تۆ ئەڵێێ چی؟
دیانا/ بۆ نا بەخۆشحاڵیەوەو سوپاسیشت دەکەم.

ئاسۆ/ زۆر باشە کەواتە با لەوێوە دەست پێ بکەین، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەت چۆن لادروست بوو؟
دیانا/ خۆت دەزانی فعالیەت و هەڵسووڕانی من بۆمافەکانی (ژنان، منداڵان، بەرابەری ئینسانەکان) پێشینەیەکی دورووو درێژی هەیە و هەمیشەش بۆم گرنگ بووە چوونکە مەسەلەی بەرابەری لەهەر کۆمەڵگایەکدا پایەیەکی ئەساسیە بۆ ژیانی ئینسانەکان.
من سەرەتا کە هاتم بۆ ئێرە کۆمەڵێک ژنی کوردو ئێرانیم دەبینی کە کۆمەڵێک موشکیلاتیان هەیە زۆر جار (ئیهانە دەکرێن، لێیان دەدرێت، بێحورمەتیان پێدەکرێت......هتد) کەسیش نیە ئاوڕیان لێبداتەوە نەیاندەزانی ڕوولەکوێ بکەن یان سکاڵایان بۆ کێ بەرن. وە هەرلەوکاتەدا بوو لەسەر مەسەلەی شەرەف کچێکی کوردی تورکیا لەلایەن باوکیەوە کوژرابوو لەسەر ئەوەی حەزی لەکوڕێک کردبوو کاتێک باوکی لە دادگا دانی نا بەتاوانەکەیدا دادگا تەنها دوو ساڵ حوکمیدا ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کارێکی خراپی کردووەو دلیلی قازیەکەش ئەوەبوو کە ئەگەر کچەکەی نەکووشتایە هەم باوکەکە هەم خانەوادەکە کەنار دەکەوتن بێحورمەت سەیر دەکران وە کوشتنی کچ لەسەر شەرەف کەلتوری خۆتانەو کەمتر ئێمە لێی بەر پرسیارین! ئەمە یەکێک بوو لەو خاڵە گرنگانەی منی تووشی شۆک کرد تۆکمەتری کردم بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک تا بتوانم وەڵامی دەوڵەتی پێبدەمەوە. زۆرم پێ سەیر بوو لە وڵاتێکدا باسی ئازادی و مافی مرۆڤ بکرێت بۆ خۆیان مافەکانی ژنانیان پاراستوەو بەرگری لێدەکەن بەڵام بۆ ژنانی پەنابەر ئاوا بەرخوورد بکرێت جێی پرسیارە هەر لە هەمان کات دابوو ئەو کەسەی موترجیمی من بوو ناوی(صبیحە نادر) بوو دوو جار ترجمەی بۆکردبووم بۆ سێ یەم جار کە قەرار بوو هەر ئەو ترجەمەم بۆ بکات نەمبینیەوە منیش بۆم گرنگ بوو هەواڵی بزانم کاتێک هەواڵیم پرسی بە فێڵ سەفەری کوردستانیان پێکردبۆوە بۆ سلێمانی و هەرلەوێی لەسەر مەسەلەی شەرەف کەسوکاری مێردەکەی کووشتبوویان.
ئەمانە ئەو هۆیانەبوون لەگەڵ تێڕوانینی مندا بۆ بەرابەری ئامادەی کردم بۆ دامەزراندنی( ڕێکخراوی مافەکانی ژنانی کوردو ئێرانی).

ئاسۆ/ کەواتە لەکەیەوە ئەم رێکخراوەتان دامەزراندوە؟
دیانا/ لە مانگی 8 ساڵی2002 وە دەستبەکارین سەرەتا تەنیابوم بەڵام ئێستا 11 ستافمان هەیەو کەسەرجەم کەسەکان خۆبەخشن لەم ڕێکخراوەدا کاردەکەن وە زمانی کوردی و عەربی و فارسیمان هەیە لەگەڵ دوو ژنی بریتانی کە کاری زۆر باشمان لەگەڵ دەکەن. ئێستا لەناو شاری لندەندا ئۆفیسمان هەیە و ڕۆژانە دەرگای ئۆفیسەکەمان بازە بۆخزمەتی ئەو ژنانەی پێویستیان بە کۆمەکی ئێمەیە.
ئاسۆ/ ئەو ژنانەی ئێوە یارمەتیان دەدەن کێن ؟ وە چۆن یارمەتیان دەدەن؟
دیانا/ ئەو ژنانەی ئێمە زیاتر یارمەتیان دەدەین ژنانی(کوردو، عەرەب و، فارس و،ئەفغانی، تەنانەت هەندێ جار یارمەتی ژنانی پاکستانی و هیندیش دەدەین) چونکە کێشەی ژنان لەم کۆمەڵگایەدا ئەوەندە زۆرە زۆر جار پۆلیس خۆیان کەیسی ژنانێکمان بۆ دێنن کە هندی یا پاکستانین. گەرچی ئێمە زۆربەی کەیسەکانمان کەیسی ژنانی کوردی عێراقین کە سەرجەم ئەم کێشانەش لەسەر مەسەلەی شەرەفە، شەرەفیش دەبەستنەوە بەکەلتور کە بە تێڕوانینی زۆربەی ئەو خێزانە موسڵمانانەی لە کۆمەڵگای موسڵمان نشینەوە هاتوون وەک پەنابەرێک لێرە ژیان دەگوزەرێنن ڕووشانی شەرەف بە لەکەدارکردنی قودسیەتی خێزان دادەنێن. ئێمە ئامانجمان یارمەتیدانی ئەو ژنانەن لە دەست توندو تیژی ناوماڵ، لەخەتەری کووشتنی ناموسی، لە زەواجی زۆرەملێ ڕووبەڕون. ئەمانە و زۆر کاری تری وەک پڕکردنەوەی فۆرم، کاری دامەزراندن و نیشتەجێ بونیان، نوسینی نامەی تایبەت بۆ هۆم ئۆفیس، هەر کارێک کە ئاستنگی هەبێت و فشارێک بێت لە سەر ژنان ئێمە ئامادەی هەمووجۆرە هاوکاریەکین چونکە ئێمە بڕوامان بەوەیە نابێت ژنان بە هیچ دەلیلێک بچەوسێنەوە.
ئاسۆ/ باشە ڕێکخراوەکەی ئێوە لە سەر ئاستی بریتانیادا تا چەند ناسراوەو چەند جێگای متمانەی دەوڵەت و ژنانیشە؟
دیانا/ دەتوانم زۆر بە ڕاشکاویەوە بڵێم لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کە ڕێکخراوەکەمان کاری کردووە، ئێستا بوینەتە ڕێکخراوێکی ناسراو خۆشناو لەناو کۆمینیتی کوردی و عەرەبی و ئێرانیشدا. وە بۆتە جێگای متمانەی زۆرێک لە ژنان کە ڕۆژانە دێن داوای یارمەتیمان لێدەکەن ئەمە لە

سەرێکەوە، لە سەرێکی تریشەوە هەر بەدەلیلی کارەکانمان دەوڵەتی بریتانیا هەر لە پۆلیسیەوە تا مەدرەسەی تا دکتۆری و تا سۆسیال سێرڤیسی داوای یارمەتی لە ئێمە دەکەن هەتا بۆ زۆرێک لە کارەکانی خۆیان دێن داوای یارمەتی و ئامۆژگاری لەئێمە دەکەن بۆیە بۆ هەرکەیسێکی ژنان پێویستمان بووبێت پێیان، ئەوانیش ئامادەبوون کۆمەکمان بکەن. هەتا بۆ هەندێ کار فشاریان بۆ دێنین بەتایبەتی بۆ مەسەلەی قەتڵی ناموسی، کوشتن، زەبروزەنگ چونکە تائێستاش ئەوان جدی نین لەسەر ئەم مەسەلانە و بۆیان گرنگ نیە .

ئاسۆ/ یانی مەبەستت ئەویە دەوڵەت قەتڵی ناموسی بۆ گرنگ نیە؟

دیانا/ بە داخەوە تا ئەو کاتەی هێشو یونس بە دەستی باوکی لەسەر مەسەلەی ناموس کوژرا کە نە یەکەم و نە دواکەسی قەتڵی ناموسی بووە، دوای ئەم ڕووداوە تاڵ و ناخۆشە ئێمە کەمپینێکمان بەڕێخست بەناوی(هێشوو فەرامۆش مەکەن) فشارمان بۆ دەوڵەت هێناو کاری زۆرمان کرد لەسەری وە بۆ یەکەم جار قەتڵی ناموسیمان وەک جریمەیکی گەورە لە بریتانیاو هەندێک دەوڵەتی تری ئەورووپایی ناساند کە ئەمە دەورو نەخشێکی گەورەی بوو بۆ ڕێکخراوەکەمان لە چەندین دەزگای هەواڵ و ڕۆژنامەدا ناوماون برا و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردین و فۆکەس خرایە سەرمان وە ئەمەش واقیعەن کارێکی گەورەو نەخشێکی گەورەی بوو لە سیاسەتی دەوڵەتی بریتانیادا.

ئاسۆ/ باشە بە سیفەتی ئەوەی تۆ دەمێکە لەناو مەسەلەی ژناندا کار دەکەیت، قەتڵی ناموسی لەناو پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو بە تایبەتیش کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێنیتەوە بۆ چی؟وەپێت وایە ئەمەکەڵچەرە؟

دیانا/ کەڵچەر چییە؟ خۆقارچک نیە هەڵتۆقیبێت، کەڵچەر کۆمەڵگا درووستی دەکات و دینیش پێش هەرشتێک پایەکانی کەڵچەری ڕاگرتوە چونکە مەسەلەی کوشتنی ناموسی تەنها لەو کۆمەڵگایاندا بەرچاوەو بەرقەرارە کەموسڵمانن. تا ئێستاش ئەو ژنانەی داوای یارمەتیان لە ئێمە کردوە هەموی موسڵمان بووە. دین بۆتە پایەیی ئەساسی قەتڵی ناموسی، دەورونەخشی لە کلتوری کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. تا دینیش وەک مەسەلەیەکی شەخسی سەیر نەکرێت و جیانەکرێتەوە لە دەوڵەت، ئەوەندەش نەهێنرێتە ناو

هەموو پێویستیەکانی خەڵکەوە حتمەن ئەونەخشە خراپەی دەبێت کە هەیەتی.
ئاسۆ/ هاوپشتی ریکخراوی ژنان لە بریتانیا لە چ ئاستێکدایە؟
دیانا/ لە بریتانیا ڕێکخراوی جۆراو جۆرهەن کە هەر یەکیان بە جۆرێک یارمەتی ژنان دەدەن چونکە مەسەلەی توندو تیژی ناو ماڵ لە کۆمەڵگای بریتانیاشدا هەیە زۆرێک لەژنان پێویستیان بە کۆمەک هەیە کە لەو جۆرە ڕێکخراوانە یارمەتی وەردەگرن پەیوەندیشمان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەدا زۆرباشە.
بەڵام لە فەرهەنگی ئەواندا زەواجی زۆرە ملێ و قەتڵی نامووسی نیە ئێمە ئەم مەسەلانەمان بە ئەوان ناساند، ئەوە وڵاتانی ئێمەن ئەم فەرهەنگە نائینسانەیان هەیە.
ئەمە ئەوە بەڵام لەگەڵ ڕێکخراوە کوردی و عەرەبیەکان کەمتر پەیوەندیمان هەیە کە دەکرێت بڵێن هەر نیمانە چونکە ئەوان تا ئێستاش کاری سوڵحی خانەوادەیی دەکەن و دەسەڵات دەگێرنەوە بۆ پیاو، پیاو بەخاوەنی بڕیار دەزانن لە خانەوادەدا.ئەوان وەک کەڵچەر شەرەف دەبینن بەعەیبی دەزانن مەسەلەی ژن و خێزان بێتە دەرەوەی دیواری ماڵ، ئەوان تا ئێستاش مەسەلەی ژن وەک مەسەلەی بەرابەری ئینسانەکان نابینن. وە پێویستە پێش هەرشتێک ئەو ڕێکخراوانەی باسی مەسەلەی ژن دەکەن یەکسانی ژن و پیاو، زەواجی زۆرەملێ، توندوتیژی ناوماڵ، قەتڵی ناموسی بە ڕەسمی بناسن. بۆیە نەمان توانیوە پێکەوە کارێکی وا بەر چاو بکەین شایانی باس بێت ئاخر سەختە بەو تێڕوانینەی ئەوانەوە دیفاع لە بەرابەری ئینسانەکان بکرێت.
ئاسۆ/ دوا شتێک کە بتەوێت باسی بکەیت؟
دیانا/ لە پاڵ ئەو کارانەی کە باسم کرد کاری تری کەمپینی گەورەمان کردوە کە تا ئێستاش بەردەوامە لەوانە (کەمپینی نێونەتەوەیی لە دژی قەتڵی ناموسی) ئەم کەمپینە ناسراوە و وێب سایتی خۆی هەیە توانیومانە خەڵکێکی زۆری لێ کۆبکەینەوە، ئەم مەسەلەیە زیاتر بە جیهانی بکەین زانیاری زۆری لەسەرە زۆرکەس دەتوانێ زانیاری لێ وەرگرێت قەتڵی نامووسی بناسێت هەر ئەم کەمپینە توانیویەتی پەیوەندی بکات بەخودی ووڵاتانی وەک(فەلەستین،

ئێران، میسر، عێراق، ئەمەریکاو وڵاتانی تری ئەوروپیی) تەنانەت وەک فەرد توانیومان کۆمەکی زۆر کەس بکەین لەڕێی ئەم کەمپینەوە.
یەکێ تر لەو کەمپینانەی هەمانە( کەمپینی عەدالەت بۆ بەناز)ە. بەناز کچێکی کورد بوو لەسەر ئەوەی کوڕێکی خۆش دەویست، کەسوکاری کوشتیان. پێش کوشتنی بەناز داوای یارمەتی لە پۆلیس کردبوو ووتبوی هەڕەشەی کوشتنم لەسەرە بەڵام بەداخەوە پۆلیس یارمەتی نەدابوو سەر ئەنجام ئەوەبوو کوشتیان ئێستاش چوار کەس بەتاوانی کووشتنی بەناز گیراون جگە لەوەی چەند نەفەری تر هەڵهاتوون و خۆیان شاردۆتەوە. جگە لە کۆنەپەرستی خانەوادەکەی پۆلیسیش تاوانبارە لەسەر ئەم کەیسە و دەبێت پۆلیس وەڵامان بداتەوە کە بۆ یارمەتی بەنازیان نەداوە؟ ئەو ڕاستیەش بسەلمێنن کەلاموبالاتی ئەوان بووە هۆی کوشتنی بەناز.
ئاسۆ/ دوا پەیامت چیە وەک ژنێکی هەڵسوڕاوی مەیدانی ژنان؟
دیانا/ دوا پەیامم ئەوەیە، ژن و پیاو ئینسانن وە دوو ئینسانی بەرابەرن لە بریتانیا یان لەهەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا بێت، دەبێت بەڕەسمی بناسرێت. وە ژنان ئازادن لە مومارەسەی ژیانی خۆیاندا بە هیچ شێوەیەکیش موڵکی پیاو نین  وە پیاو نابێت ژیانی ژنان زەوت بکەن. زۆر گرنگە پیاوانیش وا بڕواننە مەسەلەی ژن.
وە زۆر گرنگە پێکەوە کار بۆ گۆڕین فەرهەنگی کۆمەڵگا بکەین بۆ فەرهەنگێکی مۆدێرن و ئینسانی،  ژیان و حورمەتی ئینسانەکان  هی خۆیان بێت بۆیە وەختێک دەتوانین بە کۆمەڵگایەک بڵێین کۆمەڵگایەکی سالمە کە وەڵامی دابێتەوە بە  موشکیلاتی ژنان و بۆیان چارەسەر بکات.
بۆیە لە کۆتایدا دەمەوێت بە سەرجەم ئەو ژنانە بڵێم کە لە بریتانیادا زیندەگی دەکەن ئێمە هەین لێرە حازرین هەمیشە بەدەنگ ئەو ژنانەوە بین کە گیرۆدەی کێشەن و بە دەستیەوە داماون دڵنیایان دەکەمەوە ئێمە وەڵامی پێویستیە کانیان دەدەینەوە با پەیوەندیمان پێوە بکەن.
ئاسۆ/ ببورە دەتوانین ژمارە تەلەفۆنەکانتان بڵاو بکەینەوە
دیانا/ زۆر بە خۆشحاڵیەوە
ئاسۆ/ باشە سوپاس ببورە ماندوومان کردیت.
دیانا/ نا خوایشت دەکەم.

ژمارە تەلەفۆنی ئۆفیس: 02074090303
ژمارە تەلەفۆنی مۆبایل: 07862733511
وێب سایتی ڕێکخراو: www.ikwro.org.uk
وێب سایتی کەمپینی نێونەتەوەیی لە دژی قەتڵی ناموسی:
www.stophonourkillings.com

ئامادەکردنی / ئاسۆ گۆران 20/04/2007